# ڕوانگەی دژەناسیۆنالیستیی مۆرای بوکچین: چۆن لە ئایدیۆلۆژیی نوێی پەکەکە تێبگەین؟

سارۆ ئەردەڵان

## پێشەکی

ســاڵی ٢٠٠٦ کاتێک مۆرای بوکچین کۆچی‌دوایی کرد، لە ڕیزی گریلاکاندا ڕێزی لێ گیرا و ســـەرکردایەتیی پەکەکە ڕایگەیـاند نـاوبراو نەمردووە، بەڵکوو لە ڕێگەی بەرهەمەکانی و چالاکیی کەسانی دیکەوە زیندوو دەمێنێتەوە. ئەگەرچی بوکچین ئەم شـانسـەی نەبوو لە زێدی خۆی لە ئامریکا یا لە هەناوی شـارسـتانییەتی ڕۆژئاوادا بەم شـــێوە یادی بەرز ڕابگیرێ، بەڵام لە چیا بەرزەکانی قەندیلیش کەمێک نامۆ دەهاتە بەرچاو کە بیرۆکەی بوکچین ببێتە هەوێنی ئایدیۆلۆژییەکی شۆڕشگێڕانە بۆ خەباتی حیزبێک لە کوردســـتاندا. لەم دواییانەدا کتێبی ئێکۆلۆژیی ئازادیی بوکچین لە وەشـانخانەی برای آزادی – ڕوژآوا چاپ و بڵاو کرایەوە و وەرگێڕ ئاماژە بەوە دەکـا کە بیرۆکەکـانی بوکچین بوونەتە هۆی ئەوەی ئۆجـالان، ڕێبەری مەعنەویی پەکەکە، واز لە فیکری مارکسـیسـتی – لێنینیسـتی بهێنێ و، لە ڕێگەی نووسـینەکانی ئۆجـالانەوە تیۆریی ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی بوکچین لە فێدراســـیۆنی بـاکووری سوریا جێبەجێ بکرێ.

من لەم وتارەدا سەرەتا هەوڵ دەدەم کورتەیەک لە بیرۆکەکانی بوکچین بەدەستەوە بـدەم و زیـاتر دوو تەوەری ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی (Social Ecology) و شـــارەوانیی ئازادیخوازانە (Libertarian Municipalism) شـــی بکەمەوە. لە درێژەی وتـارەکەدا بە گەڕانەوە بۆ نووســـینەکانی بوکچین بـاس لەوە دەکەم کە

بۆچی بیرۆکەی ئەو دژەناسیۆنالیستییە. مۆرای بوکچین (١٩٢١-٢٠٠٦) بیرمەندێکی ئەنارشیستی ئامریکاییە و خاوەنی چەندین کتێبی گرنگ لە بواری فەلسەفەی سیاسییە، وەکوو ئانارشیزمی دوای قاتوقڕی (١٩٧١)، ئێکۆلۆژیی ئازادی (١٩٨٢) و شارنشینی بەبێ شارەکان (١٩٨٧). بوکچین لە دوای نووسینی گرنگترین کتێبەکانی خۆی و لە کۆتاییی تەمەنیدا لە بزووتنەوەی ئانارشیستی بێهیوا ببوو، چونکە دەیدی ئەم بزووتنەوەیە ناسیاسی بووە و زیاتر وەکوو ستایلی ژیان دەرکەوتووە، هەربۆیە دیسانەوە ڕوو لە ئایدیولۆژییەکی سۆسیالیستیی ئازادیخوازانە دەکاتەوە. چونکە لە ئەدەبییاتی سیاسیی پەکەکەدا و بەتایبەت لە نووسینەکانی ئۆجالاندا کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەرهەمە فیکرییە یەکەمەکانی بوکچین دەردەکەوێ، من لە هەمان بەستێندا ئاماژە بە بۆچوونەکانی بوکچین دەکەم.

**گەشەی فیکری: لە مارکسیزمەوە بۆ ئەنارشیزم**

بوکچین لە سەرەتاوە لەژێر کاریگەریی مارکسیزمدا بووە و، بۆ چارەسەرکردنی نادادپەروەرییەکانی سەرمایەداری باوەڕی بە خەباتی چینایەتی هەبووە و چینی کرێکاری وەک هێزی بزوێنەری گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە بینیوە. بوکچین لەگەڵ قووڵبوونەوە لە تیۆریی مارکسیستیدا و چاودێریکردنی سەرهەڵدانی ڕژێمە سەرەڕۆکان کە بانگەشەی سۆسیالیسزمیان دەکرد، هەندێک لایەنی مارکسیزمی نەریتی لەلای بووە جێی پرسیار. هەربۆیە ڕەخنەی زیاتری لە بیرۆکەی دەوڵەتی ناوەندی وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم دەگرت. ئەو پێی وابوو چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەوڵەتدا دەتوانێت ببێتە هۆی هەمان ئەو پێکهاتە

ســـتەمکارانەی کە مارکســـیســـتەکان هەوڵی هەڵوەشـــاندنەوەیان دەدەن. بوکچین نیگەران بوو لەوەی کە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی دەتوانێ بەئاســـانی بەرەو دەسەڵاتێکی خراپ بڕوا و ئامانجی ڕزگاریی ڕاستەقینە بۆ هەمووان تێک بدات.

بوکچین ســـەبارەت بە دەســـەڵاتی ناوەندی و پێکهاتە هیرارشـــییەکان\پلەبەندییەکان (hierarchical structures) گومانی لەلا ســـاز بوو و ئەدەبییاتی ئەنارشـــیزمی ســـەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشـــا، بەتایبەتی بەرهەمەکانی پیتەر کرۆپۆتکین و ئیما گۆڵدمان کاریگەرییان لەسـەر دانا. ئەنارشـیزم بانگەشـە بۆ کۆمەڵگەیەکی بێدەوڵەت و ناهیرارشـی\ناپلەبەندی دەکرد کە تاکەکان بتوانن ئازادانە بژین و بەبێ گوێدان بە دامەزراوەی ســـتەمکارانە خۆیان بەڕێوە ببەن. کاتێک بوکچین ســـەرنجی بۆ لای کێشە ژینگەیییەکان\ئێکۆلۆژییەکان ڕاکێشرا، بەتەواوی بەرەو ئەنارشیزم هەنگاوی هەڵێنا.

**ئێکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی: پەیوەندیی نێوان پرسە کۆمەڵایەتی و ئێکۆلۆژییەکان**

بوکچین لە بەرهەمە ســـەرەکییەکەیدا بە ناوی "ئێکۆلۆژیای ئازادی: ســـەرهەڵدان و هەڵوەشاندنەوەی پلەبەندی،" بەدواداچوون بۆ پەیوەندیی نێوان پرسە کۆمەڵایەتی و ئێکۆلۆژییەکان دەکات و شـیکارییەکی گشـتگیر لەبارەی گەشـەسـەندنی مێژوویی پلەبەندی و، کاریگەرییەکانی لەســـەر هەردوو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ســـروشـــت دەخاتە ڕوو. بە باوەڕی بوکچین کۆمەڵگا و ســـروشـــت لێک گرێدراون و، زاڵبوون بەســـەر ســـروشـــت لە لایەن مرۆڤەوە ڕەگ و ڕیشـــەی قووڵی لە پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی ستەمکارانەدا داکوتاوە. لەسەر ئەم بنەمایە، شێوازی

ڕێکخســـتنی مرۆڤەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕاســـتەوخۆ کاریگەری لەســـەر پەیوەندییەکەی لەگەڵ ژینگەدا هەیە. بە درێژاییی مێژوو کۆمەڵگاکان مەیلیان هەبووە سـروشـت وەک ئۆبژەیەک سـەیر بکەن و بۆ بەرژەوەندیی نوخبەیەکی دەسـەڵاتدار کۆنترۆڵ بکرێت. لە بەرانبەردا، ئەو کۆمەڵگایانەی پێکهاتەی یەکســـانیخوازانەتریان هەیە، زۆرجار پەیوەندییەکی هاوئاهەنگتر لەگەڵ جیهانی سروشتیدا نیشان دەدەن.

لە ئێکۆلۆژیای ئازادیدا بوکچین شـوێنپێی گەشـەسـەندنی کۆمەڵگا پلەبەندییەکان لە سـەردەمی پێش مێژووەوە تا ئێسـتا دەگرێتەوە و باس لەوە دەکا کە چۆن کۆمەڵگا مرۆیی‌یە ســـەرەتایی‌یەکان لە پەیوەندییەکی تا ڕادەیەک یەکســـانیخوازانەتر لەگەڵ سـروشـتدا ژیاون، بەڵام وردە وردە لەگەڵ سـەرهەڵدانی کشـتوکاڵ و چڕبوونەوەی دەسەڵات، سیستەمی پلەبەندی ساز بووە. لەگەڵ سەرهەڵدانی کشتوکاڵ، خەڵک لە شـوێنێکدا نیشـتەجێ بوون، ئەمەش بووە هۆی کەڵەکەبوونی سـەرچاوەی زیادە و سەرهەڵدانی چینە کۆمەڵایەتییەکان. لەگەڵ زیاتر پلەبەندیکردنی کۆمەڵگاکان، ژینگەی ســـروشـــتی زیاتر وەک ســـەرچاوەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و بۆ بەرژەوەندیی نوخبەیەکی دەسەڵاتدار بەکار دەهات. هەربۆیە بوکچین ڕەخنە لەو بۆچوونە دەگرێ کە مرۆڤ لە ناوەندی گەردوون دادەنێت و پێی وایە مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە بە سـەر سـروشـتدا زاڵ ببێ و، کۆنترۆڵی بکات. لەم ڕووەوە، بانگەشـە بۆ ئەخلاقێکی ئێکۆلۆژی دەکا کە بەهای سروشتی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان تیایدا بپارێزێ.

لەگەڵ پەرەســـەندنی شـــارنشـــینی و پیشـــەســـازیی کۆمەڵگادا، مرۆڤەکان زیاتر لە ســـروشـــت نامۆ بوون. پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ســـروشـــتیدا بووە هۆی چەوســـاندنەوەی زیاتر. بوکچین لە ڕێگەی چەمکی تەکنەلۆژیای ئازادیخوازانەوە باس لەوە دەکا کە تەکنەلۆژیا توانای ئەوەی هەیە تاک و کۆمەڵگا ئازاد بکات. ئەو

ڕەخنە لە تەکنەلۆژیا بەرفراوانەکانی کۆمەڵگای پیشــەسـازی دەگرێ کە لە خزمەتی دەســـــەڵاتی ناوەندداان و بەردەوام دەبنە هۆی تێکچوونی ئیکۆلۆژی. لە بەرانبەردا، ئەو داوای پەرەپێدانی ئەو تەکنەلۆژیایانە دەکا کە کۆمەڵگە خۆجێییەکان ( local communities) بەهێز دەکەن، بۆ ئەوەی خۆبژێو بن و لە ڕووی ئیکۆلۆژییەوە بەردەوام بن. بۆ گەیشـتن بەم دۆخە، دەبێ ڕێسـاکانی لامەرکەزییەت، دیمۆکراسـیی ڕاســـتەوخۆ و یەکســـــانیی کۆمەڵایەتی پەیڕەو بکرێت؛ دەبێ مرۆڤەکان چالاکانە بەشـداریی پرۆسـەکانی بڕیاردان بن کە کاریگەرییان لەسـەر ژیانیان و ژینگە هەیە. بوکچین پێی وایە بە هەڵوەشـــــاندنەوەی پلەبەندییەکان و گرنگیدان بە ئەخلاقی ئیکۆلۆژی، کۆمەڵگا دەتوانێ پێکەوەژیانێکی هاوسـەنگ لەگەڵ سـروشـتدا بەدەسـت بهێنێت.

**شارەوانیی ئازادیخوازانە: دیمۆکراسیی جەماوەری**

شــارەوانیی ئازادیخوازانە سـتراتیژییەکی سـیاسـییە کە بانگەشــە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی لامەرکەزی بەپێی دیمۆکراسییەکی ڕاستەوخۆ و وشیاریی ئیکۆلۆژی دەکات. زاراوەی شـارەوانی ئاماژە بۆ ئەم بیرۆکەیە دەکا کە کۆمەڵگەی خۆجێیی لە لایەن شــــارەوانییەوە نوێنەرایەتی بکرێ و هەر ئەوێ، شـــوێنێک بێ بۆ بڕیاردانی سـیاسـی. بنەما سـەرەکییەکانی شـارەوانیی ئازادیخواز بریتین لە: (١) دیمۆکراسـیی ڕاسـتەوخۆ: بەشـداریی سـیاسـیی هاووڵاتییان لە بڕیاردان بەبێ پێویسـتبوون بە نوێنەر؛ (٢) ئەنجومەنی کۆمەڵگە: مەکۆیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هـاووڵاتییـان لەگەڵ یەک بۆ بڕیاردانی ســـیاســـی کە تیایدا گفتوگۆی بەکۆمەڵ ســـاز دەبێ؛ (٣)

حوکمڕانیی ناپلەبەندی: ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی ناوەندی و بانگەشە بۆ کۆمەڵگەیەک کە دەسەڵات تیایدا لامەرکەزی بێ و، بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت؛ (٤) بەرپرسیاریتیی ئیکۆلۆژی: جەخت لەسەر گرنگیی وشیاری و بەرپرسیاریتیی ئیکۆلۆژی دەکاتەوە.

بوکچین بەتایبەت لە کتێبی لە شارنشینییەوە بۆ شارەکان: بەرەو سیاسەتێکی نوێی هاووڵاتیبوون، باس لەوە دەکا کاتێک کۆمەڵگاکان بەرەو شارنشینی بچن، بەشداریی سیاسی و بڕیاردان لە ئاستی خۆجێییدا دادەبەزێت. زۆرجار شارنشینەکان هەست بە دابڕان لە پرۆسە سیاسییەکان دەکەن کە کاریگەرییان لەسەر ژیانیان هەیە و، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە بێدەسەڵاتی و نامۆیی بکەن. بوکچین پێی وایە لە ڕێگەی بەهێزکردنی کۆمەڵگە خۆجێییەکان، هاووڵاتییان دەتوانن لە گەڕەک و شارەوانییەکان قسەی ڕاستەوخۆیان لە کاروباری کۆمەڵگەکەیاندا هەبێت. هاووڵاتییان دەتوانن لە ئەنجومەنەکاندا کۆ ببنەوە و بڕیار لەسەر بودجەی گەڕەکی خۆیان بدەن، پرۆژە پێشنیار بدەن، باس لە پێشینییەکان بکەن و دەنگ لەسەر ئەوە بدەن کە پارەکە چۆن خەرج بکرێت.

بوکچین پێی وایە بۆ چارەسەریی هەندێک پرس و نیگەرانییەکان دەبێ لە کێشەی گەڕەکێکەوە واوەتر بڕۆین. بۆ نموونە کاتێک باس لە ژێرخانی ئابووری و سیستەمی خزمەتگوزاری و هاتوچۆ دەکرێ، پێویستە شارەوانییەکان سیستەمێکی کۆنفیدڕاڵ پێک بێنن تا بتوانن بەکۆمەڵ چارەسەری ئەم کێشە گەورانە بکەن و، هاوکات هێشتا سەربەخۆیی و دەسەڵاتی بڕیاردانی خۆجێیی خۆیان بپارێزن. بۆ نموونە کاتێک کێشەیەکی ژینگەیی ساز دەبێ، ئەنجومەنە خۆجێییەکان پێکەوە کۆ

دەبنەوە و هەر شـــارەوانییەک هەوڵ دەدا بەپێی ســـیاســـەتێکی ناوچەیی گشـــتگیر بەرەنگاری پیسبوونی ژینگەیی ببنەوە.

**ڕوانگەی دژەناسیۆنالیستیی بوکچین**

کاتێک بوکچین دەوڵەت بە ســـەرچاوەی لەناوچوونی ســـروشـــت و نامۆییی مرۆڤ دەزانێ و بانگەشـەی حوکمڕانییەکی دژە دەوڵەت دەکا، جێگەی سـەرسـووڕمان نییە کە لەگەڵ ڕوانگەی ناسیۆنالیستی و دەوڵەت – نەتەوە مۆدێرنەکان کێشەی بنەڕەتی هەبێ. بوکچین لە دوایین کتێبیدا، شـــۆڕشـــی داهاتوو: ئەنجومەنە جەماوەرییەکان و بەڵێنی دیمۆکراســـیی ڕاســـتەوخۆ، باس لەوە دەکا کە لە کۆمەڵگایەکی ئـازاددا جێگەیەک بۆ دەوڵەت نەتەوەکان چ وەک نەتەوە و چ وەک دەوڵەت نییە. لە ڕوانگەی ئەودا، ناســـیۆنالیزم جۆرێکە لە خێڵەکیبوون کە مرۆڤەکانی دابەش کردووە و، وەک ســـووتەمەنییەک شـــەڕی نێوان کۆمەڵگەکـانی پێ خۆش کراوە. هەربۆیە سۆسیالیستەکان نابێ فریوی هەستی ناسیۆنالیستی بخۆن. ناسنامەی نەتەوایەتی نەخۆشـییەکی کۆمەڵایەتییە و دەبێ چارەسـەر بکرێ تا کۆمەڵگا لەمە زیاتر شـپرزە نەبێ.

بە باوەڕی بوکچین ســـەربەخۆییی ســـیاســـیی گەلانی بەکۆلۆنیکراو نەبووەتە هۆی ئەوەیکە ئەوان ئـازادییەکی بنەڕەتی بەدەســـت بهێنن. ئەگەرچی هەنـدێـک وڵاتی ســـەربەخۆ بەشـــێوەی فەرمی ســـاز بوون، بەڵام هەرووەک جاران لە لایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانی ســـەرمایەدارییەوە دەســـتیان تێوەر دەدرێ. لەوەش خراپتر، لە ناوەرۆکدا ناسیۆنالیزمی ستەملێکراوەکان بە ئەندازەی ناسیۆنالیزمی ستەمکارەکان دواکەوتوون. لە ڕوانگەی بوکچینـدا، ئەو وڵاتـانەی پێشـــتر کۆلۆنی بوون، بە

ئوســتوورەی ســەروەریی نەتەوەیی (national sovereignty) کڵاویان لەســەر نراوە و، هەربۆیە ئەوانیش خۆیان بە وەدەستهێنانی خاک و پاکتاوکردنی قەومییەوە ســەرقاڵ کردووە. ئەو پێی وایە خەڵکی ســتەملێکراو مافی ئەوەیان بوو دژ بە ســتەمکاری خەبات بکەن، بەڵام ناســیۆنالیزم ڕێگایەک بوو جگە لە کارەســات ئەنجامێکی دیکەی نەبوو. بوکچین ناسیۆنالیستەکان وەک کەسانێک سەیر دەکا کە باوەڕیان بە بیرۆکەیەکی کۆنی دواکەوتووانە (regressive atavism) هەیە کە ڕۆشنگەری زۆر لەمەوبەر هەوڵی دا بەسەریدا زاڵ ببێ. ناسیۆنالیستەکان خراپترین تایبەتمەندیی ئیمپراتۆرییەکانیان زیندوو کردەوە و بەشــێوەیەکی ســتەمکارانە هەوڵیان دا گەلانی ســتەملێکراو لە ڕێگەی بزوێنەری کولتووری، ئایینی، قەومی و لەبێگانەتۆقان هان بدەن تا دیسانەوە بکەونە خزمەتی ئیمپریالیزمە ناوچەیییەکانەوە.

جێی ئاماژەیە، بوکچین پێی وایە تەنیا لە هەناوی ســەرمایەداریی پێشــکەوتوودا ئیمکانی شۆڕشی سۆسیالیستی هەیە. تەنانەت ئەگەر لە وڵاتانی گەشەنەسەندوودا شــۆڕشــێک ســاز ببێ، هێزی چەکداریی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا لە ڕێگەی توندوتیژییەوە لەناوی دەبا. هەربۆیە دەبێ چەپەکان خۆیان بە سازکردنی شۆڕش لە باشووری جیهانیدا (the Global South) سەرقاڵ بکەن و، دەبێ سۆسیالیستە ڕادیکاڵەکان لە وڵاتە پیشەســازییەکاندا بیر لە شــۆڕش بکەنەوە. هەربۆیە بوکچین ڕەخنە لە چەپی جیهانی دەگرێ کە بۆچی خۆیان گیرۆدەی خەباتی دژەکۆلۆنیالیستی کردووە و، لەگەڵ ســۆســیالیزم پێکەوەیان گرێ داون. ئەمە تەنیا بە قازانجی ئەو بزووتنەوانە بووە کە ئامانجی ئازادیی نەتەوەییان هەبووە و هیچ دەســتکەوتێکی بۆ ســۆســیالیزم نەبووە. ئەوەی ڕاســتی بێ، چەپەکان یارمەتیی بەهێزبوونی

دیکتاتۆرییەکانی جیهانی سـێهەمیان داوە کە وەک ئامراز سـەیری سـۆسـیالیزمیان کردووە و هێندەش هۆگری وەدیهاتنی ئامانجەکانی سۆسیالیزم نەبوون.

بوکچین بە تانە و تەشـــەرەوە لەگەڵ چەپی ئامریکاییدا دەدوێ، چونکە پێی وایە ئەوان لە جیاتی ئەوەی بیر لە شـــۆڕش لە ئامریکا بکەنەوە، خۆیان لە جیهانی سـێیەمدا و لەژێر داوێنی کاسـترۆ، هۆشـی مین و مائۆدا شـاردووەتەوە. بە باوەڕی ئەو، چەپی ئامریکایی لە ڕێگەی ســـازکردنی پرۆژەیەک بۆ شـــۆڕش لە ناوخۆی ئامریکاوە دەتوانێ یارمەتیدەری جیهانی سـێهەمیش بێت. ئەگەر شـۆڕش لە وڵاتانی باکووری جیهانیدا (ناوەندە ســـەرەکییەکانی ئابووریی جیهانی) ڕووی بدایە، لە بەرژەوەندیی وڵاتانی باشـووری جیهانیش دەبوو. بەم شـێوەیە، بوکچین گرنگی بە سـیاسـەتی دژەسـەرمایەداری لە وڵاتانی پێشـکەوتووی پیشـەسـازی دەدا و خەمی وڵاتانی گەشـەنەسـەندووی نییە، چونکە پێی وایە هەر شـۆڕشـێک لەو شـوێنانە یا مەحکوم بە شکەستە یا دیسان دەکەوێتە خزمەتی پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستییەوە کە خەڵک وەکوو جاران تیایدا دەچەوســێنەوە. بوکچین پێی وابوو تاکە هەڵوێســـتی ئەخلاقی ئەوەیە کە لە یەک کـاتـدا دژایەتیی ئیمپریـالیزمی بـاکووری جیهـانی و ناســیۆنالیزمی دژە ئیمپریالیســتیی باشــووری جیهانی بکرێ. هەربۆیە هەڵبژاردن لەنێوان ناسـیۆنالیزمی دژە ئیمپریالیزم و شـەڕانگێزیی ئیمپریالیسـتیدا هەڵبژاردنێکە لەنێوان خراپ و خراپتردا.

**چەند تێبینیی کۆتایی**

بە وتەی ژەنێت بیل، شـــەریکی ژیانی بوکچین کە ژیاننامەی ئەویشـــی نووســـیوە، ئۆجـالان لە زینـدانەوە و لە ڕێگەی وەرگێڕانی تورکی هەنـدێـک لە کتێبەکـانی

بوکچینەوە لەگەڵ ئەندێشەی ئەو ئاشنا بووە. هەروەها ئۆجالان شەش نامەی لەگەڵ بوکچین گۆڕیوەتەوە و خۆی وەک قوتابییەکی باشـــی ئەو پێناســـە کردووە کە دەیهەوێ سـیاسـەتێک بەپێی بیرۆکەکانی بوکچین دابڕژێت. ئەگەرچی لەو سـاڵانەدا بوکچین نەخۆش و بێهیوا بوو و لە دۆخێکی دەروونیی خەمۆکیدا دەژیا، چونکە دەیبینی ئەو پڕۆژە ســـیاســـییەی ئەو بەرنامەی بۆ داڕشـــتبوو، بە لەدایکنەبوویی مـابووەوە. مەرگ دەرفەتی ئەوەی بە بوکچین نەدا ببینێ، چۆن حزبی پەکەکە لە کوردســـتانەوە و لە ئاکامدا، لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی ســـوریاوە کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتیک جێبەجێ دەکا.

بوکچین کە لە هەموو ژیـانیدا، بە وتەی بیـل دژەدەوڵەتێکی تۆخ بوو، بیرۆکەکـانی بوونە هەوێن بۆ بەشـــێک لە نەتەوەیەک وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهان. پێش لەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییە کە لە ئایدیۆلۆژیی پەکەکەدا ســـاز بوو، ئەو حیزبە ئاراســـتەیەکی دژەکۆلۆنیالیســـتی بۆ ســـازکردنی دەوڵەتێکی ناوەندیی دژەسەرمایەدارانە لەسەر خاکی کوردستان هەبوو. بەڵام دوای ئەم گۆڕانکارییە چی تر نەدەکرا باس لە نەتەوە و دەوڵەت بکرێ کە خۆیان سەرچاوەی چەوساندنەوەی مرۆڤ و کاولکردنی ســـروشـــت بوون. ئایدیۆلۆژیی نوێی پەکەکە تەنانەت بوو بە مەترسـییەک بۆ هەرێمێک کە لە باشـووری کوردسـتان سـاز ببوو. ئۆجالان ئەگەر پێشـــتر لە قەوارەی ســـەرۆکێکی دژەکۆلۆنیالســـتیدا دەردەکەوت، ئیســـتا ڕێک بەپێچەوانە دەبوایە پشـــتی لە ڕابردووی خۆی بکردایە. چونکە بە باوەڕی بوکچین خەباتە دژەکۆلۆنیالیســـتییەکان خراپەیەک بوون کە لە کۆتاییدا دەکەوتنە خزمەتی ناسیۆنالیزم و ئیمپرالیزمەوە.

بوکچین نەیدەویســت ئەم حەقیقەتانە ببینێ کە شــۆڕشــە دژە کۆلۆنیالیســتییەکانی سـەدەی بیسـتەم، چەوسـاوەکانی (نەتەوە ژێردەسـتەکان، هەژاران و ژنەکان) هێنایە گۆڕەپـانی خەبـاتی دژەســـتەمکـارییەوە. ئەم بزووتنەوانە نەک هەر بەرەوڕووی هێژموونیی ئیمپریالیزم دەوەســـتانەوە، بەڵکوو دژ بە پلەبەندییە نەریتییەکانیش، وەکوو چەوســانەوەی جێندەری و چینایەتی، بوون. بزووتنەوەی ژێردەســتەکان لە ڕێگەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی‌یەوە، هیوای ئازادییان لە هەناوی مرۆڤە چەوســـاوەکاندا چاند. بەڵام بوکچین چونکە ئەم هەوڵانە بۆ بەدەســـتەوەگرتنی دەســەڵاتی دەوڵەت لێک دەداتەوە، حەز ناکا باســیان بکا و، ڕێگەچارەیەک کە بۆیان پێشـــنیار دەکا ئەوەیە، بگەڕێنەوە بۆ شـــێوازی ژیانی کۆمۆنە ســـەرەتایی‌یەکان. ئۆجالان ئەمە بە دەرفەت دەزانێ و تەنانەت باس لەوە دەکا هەرێمی مێزۆپۆتامیا (چی تر ئاماژەدان بە کوردســـتان شـــیاو نییە) لانکەی ڕاســـتەقینەی کۆمۆنە ســـەرەتـایی‌یەکـانە و هەربۆیە دەڵێ ئەو کۆمەڵگـایەی من تیـایـدا گەورە بووم، کولتووری چاخی بەردینی (نزیک شـەش هەزار سـاڵ لەمەوپێش) تێ نەپەڕاندووە و پێش نەکەوتووە!

سەرەڕای سازکردنی ئوستوورە بە نەتەوەی بندەست کە وڵاتەکەی لە دۆخی پێش لە شـــارســـتانییەتی ســـەرمایەداریدا ماوەتەوە، بیرۆکە دژەدەوڵەتەکانی بوکچین لە ڕێگەی ئەوەی کورد دەتوانێ لە ئاســـتی جیهانیدا پێشـــەنگی شـــۆڕشـــێکی دژەســـەرمایەداری بێ، گرووتینکی نوێی لەناو خەڵکی کورد و ڕۆژئاواییدا ســـاز کردووە. پرســـیارێک کە کاتی خۆی بوکچین خۆی لێ دەبوارد، ئیســـتا دیســـانەوە خۆی نیشـــان دەدا. ئەگەرچی بیرۆکەی مۆدێلی کۆمۆنە ســـەرەتایی‌یەکان ئاوێتەی شاراوانیی خۆبەڕێوەبەریی گەڕەکەکان لە شارە بچووکەکاندا کراوە و سیستەمێکی

کۆنفیدراڵ ئەم شـــارەوانییانە بەڕێوە دەبا، لە کاتی ســـازبوونی هەڕەشـــەکان، لە نەخۆشـییەوە بگرە هەتا شـەڕەکان، چ دەسـەڵاتێک نەزمی گشـتی ڕێک دەخا؟ ئەگەر ئەم دەســـەڵاتە حیزبێکە وەکوو پەکەکە کە باوەڕی بە دەســـەڵات لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، ئایا هەر ئەمە بۆخۆی سیستەمێکی هیرارشی و پلەبەندی نییە؟